# یادێکی خێرا لە شەهید بوونی کاک ڕەحمان قادری و کاک عەبدوڵڵا ئەحمەد پوور





ئەو قارەمانانەی بە خۆراگری، بەرەنج و ماندووبوونیان، بە بەخشینی خوێنیان، دێڕ دێڕی مێژووی کوردی ستەم لێکراویان نووسی، ئەو تێکۆشەرانەی بە هەڵبژاردنی ژیانی سەخت لە پێناو ژیانی ئاسوودە بۆ هاونیشتمانان خۆیان لە خۆشی و ئاسوودەیی بێ بەش کرد، بێ گومان ڕووسووری بەر دیوانی خودا و گەل و خۆشەویستی خەڵکن و یاد و بیرەوەریان، هێز و توانا دەبەخشێ و جەستەی سست و خاوبەهێز وتوند دەکاتەوە.

بۆ ئەوانەی کە بیرەوەریان لەگەڵ شەهیدان هەیە و شەوان و ڕۆژانی زۆریان لەگەڵ یەك بە سەر بردوە، تاڵی و سوێری، خۆشی و ناخۆشیان پێکەوە چێشتوە، لە دەستدانیان زۆر سەخت و گرانە و بیرەوەریان دڵان چۆڵ ناکەن، بەڵێ بە بیرەوەری ڕۆڵەی فیداکاری گەل و هاوڕێ و هاوباوەڕانی ڕەزا شیرینی شۆخ و قسە خۆش و ئازا و دڵسۆز و خاوەن ئیمان، بۆ سۆ لە جەرگ و دڵ هەڵدەستێ و چاوی چاوەڕوان ووشك نابێتەوە.

بەڵام بەو حاڵەش، منی سەربازی هەمیشەیی ڕێبازی پاك و بێ گەردی سازمانی خەبات، سەرەڕای هەموو دەرد و ئازارەکان لە بیرەوەری هاوڕێ یانی شەهیدم، ویژدان ئاسوودەم، بەوەی کە بەردەوامم لە سەر ڕێبازی پیرۆزیان و تا بەو هومێدەی ڕۆژێك بێ ئازادیی کورد لە ئاسۆ هەڵ بێ و هەموو پێکەوە لە نیشتمانی ئازاد و لە ناو هاونیشتمانانی ڕزگار بوو لە ستەم کۆڕیان بۆ بگرین و باس لەو ڕۆژانە بکەین کە شەهیدان، قارەمانانە لە بەرانبەر لەشکری ستەمگەران ڕاوەستان و برسیەتی، شەونخونی، نەبونی و ئازار، کاری نەکردە سەر ورەی بەرزیان.

شەهیدانی هەمیشە زیندوو، سەروەرانی گەل و شەهیدانی لە خوێندا شەڵاڵی شەوی ١٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٧ی کۆچی خۆری کاك ڕەحمان قادری و کاك عەبدواللە ئەحمەدپوور ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە هۆی ڕوداوێکی دڵتەزێن و جەرگ بڕ شەهید کران.

ئەوانەی کاك ڕەحمان قادری بناسن، دەزانن کوڕێکی چەندە ڕوو خۆش و زمان شیرین بوو، کاك ڕەحمان باوەڕێکی قوڵی بە سازمانی خەبات هەبوو، دوای ماوەی چەند ساڵ دابڕان لە ڕیزەکانی سازمان و گەڕانەوەی بۆ هەموانی سەلماند تا چ ڕادەیێك تامەزرۆی ڕێبازی سازمانی خەباتە، بێ گومان بە شەهیدکرانی کاك ڕەحمان قادری (ڕەحمان صۆفی) سازمانی خەبات یەکێك لە کادرە دڵسۆزەکانی کە ١٩ ساڵ بە بەردەوامی پێشمەرگە بوو و هومێدی زۆری بە ئازادی و ڕزگاری هەبوو، لە دەست چوو.

شەهیدی قارەمان و لێهاتوو، کاك عەبدواللە ئەحمەدپوور لە مەیدانەکانی نەبەرد لە بەرانبەر هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی ملهوڕی ئاخوندی دا نمونەی ئازایەتی و چاونەترسی بوو، لە کاری ڕاگەیاندن بە تایبەت لە ڕادوێ دەنگی خەباتی کوردستان، دەوری بەرچاوو دیاریی هەبوو، کاك عەبدواللە قادری یەکێك لە خاوەن باوەڕترین کادر و پێشمەرگەکان لە مێژووی سازمانی خەباتدا بوو.

شەهادەتی کاك عەبدواللە ئەحمەدپوور، و کاك ڕەحمان قادری خەسارەتێکی گەورە بوو، کە تەنیا بە درێژەدان بە ڕێبازیان، ڕۆحی ئەوان و تێکڕای شەهیدانی سەربەرزی سازمانی خەبات، شاد دەبێ و ئاواتەکانیان دێتە دیی.

هەزاران سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهید ڕەحمان قادری و شەهید عەبدواللە ئەحمەدپوور، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات.

***

## ژیان و خۆشەویستی

سارۆ

لە ژیانی مرۆڤدا، خۆشەویستی و ئەوین، بەرانبەر بە هاونەوعەکانی و نزیکانی و نیشتمان و هاونیشتمانانی، یاری دڵبەر، منالْ و خێزان حەیاتیەو، هەر مرۆڤێك نەتوانێ پێ بەندی خۆشەویستی بێ ناتوانێ تام و چێژ لە بوونی خۆی و چەند مانگ و ساڵەی ژیانی ببینێ. ئەوین هەوێنی ژیانە، ئاوی حەیاتە، ڕووناکی، گەرما، باران، بۆنی خۆش، جوانی، تامی ژیانە، مرۆڤ بێ خۆشەویستی، وەك داری بێ ئاوە، وەك زەوی بێ بارانە، وەك چاوی بێ ڕووناکیە، وەك دایکی کۆرپە مردوە، وەك پیری هەناسە ساردە. ئەگەر خۆشەویستی و ئەوین، لە مرۆڤ بستێنی چیی پێ دەمێنێ؟

ئەگەر پێشمەرگە ئەویندای نیشتمان نەبێ، ئەگەر گەل ئەویندای ئازادی نەبێ چۆن دەکرێ بۆی تێ بکۆشێ، چۆن لە ماڵ و ژیانی کە هەموویان بە ئەندازەی ساتێکی کەمێ خۆشەویستی بایەخ و خۆشیان نیە و دەتوانن گوزەر بکەن و چاویان لێ بپۆشن.

ئەویندادان پاکترین و جوانترین، ڕەزا شیرینترین بوونەوەرەکانی سەرزەوین، بمرێ ئەو کەسەی ئەوینی نیە، مردون ئەوانەی عاشقی نیشتمان و ئازادی نین.

من ئەویندای یاری دڵبەر و نیشتمانی ڕەنگین و ئازادیم.

***

# شانوی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس هەشتەمی ڕژیم




شورای نیگەهبانی ڕژیم شیاو نەبوونی ژمارەیێکی زۆری کاندیداکانی ئیسلاح خوازی پەسەند کرد. هەرچەند عەباسعلی کەدخودایی ووتەبێژی شورای نیگەهبان شیاو بوونی ٣٠٠ کەسی تری پالوێراوەکانی هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕاگەیاند. ئەوە لەکاتێك دایە کە پێشووتر ٢٨٠ کەسی تر خۆپالاوتنیان پەسەند کرابوو. لە لاییکی ترەوە عەبدوڵڵا ناسری ووتەبێژی فەرمی چاکسازیخوازان ڕاگەیاند: لەسەراسەری وەڵات بە هۆی پابەند نەبوون بە بەندی ١ و ٣ی مادەی ٢٨ی یاسای هەڵبژاردنەکان، واتە پێبەندنەبوون بە ئیسلام و یاسای بنەڕەتی یان خوشناونەبوونی پالێوراوانی سەربەئەوان متمانەیان پێ نەدراوە کە لە وزیران و بەڕێوەبەران و پاریزگارانی پێشووی چەندین ساڵی دەسەڵاتیان تێدایە. لەگەڵ تەواوی ئەو فشارانەی باڵی دەسەڵاتدار بۆ سەر بەناو ڕێفۆرمیستەکان هیچ کاردانەوە و بەرپەرچ دانەوەیێکی لەوان بێجگە لە وردە گلەیی و ڕەخنەی بێ کەڵك نەبیندرا. ئیسلاح خوازان کە بۆ ماوەیێك ژمارەیێك کەسیان فریودا و ئەوانیان بە بەڵێنی درۆ و ناڕاست وەدوای خۆ دا، بەڵام بینیمان کە هەر ئەو ڕیفۆرمیستانە زۆر دژەئینسانی و دژە ئازادیتر لە باڵی ئوسوولگراکان بوون. خامنەیی و ئەحمەدی نەژاد و لاریجانی و ئەوانی تر بەراشکاوی و ئاشکرا سیاسەتەکانی دژە مرۆڤانەی خۆیان بەڕێوەدەبەن، بەڵام بەناوچاکسازیخوازان بە دروشمی کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی نە تەنیا خەیانەتیان بە خەڵکی ئێران کرد، بەڵکو ئازادیخوازان و ئەو کەسانەی کە دڵیان بە ڕێفۆرم خۆش بوو، خستە داوی خۆیان داویی لەلایەن دەزگای ئیتلاعات و دامەزراوە سەرکوتگەرەکان و کەوتنە بەر لێپرسینەوە و هەڕەشە.

ئاخوند کەڕوبی بەڕێوەبەری یەکەمی حیزبی ئیعتمادی میللی کە حیزبەکەی یەکێك لەحیزبە ریفۆرمیستەکانە، لەدوای ووتوویژ و کۆبوونەوە لەگەڵ ئاخوند جەننەتی سەرۆکی شورای نیگەهبان بە ووتنی ئەو ڕستەیە کە ئێمە پشتیوانی شۆڕش و نیزامین و کارێك ناکەین ( نیزامی پیرۆزی کۆماری ئیسلامی) تووشی خەسارەت ببێ، بێناوەرۆك بوونی ریفۆرمیستی خۆیانی ئاشکراتر کرد.

گومانی تێدا نییە کە تەواوی باڵەکان چ چاکسازیخواز و موحافیزەکار و ئەوانی تریش هەموو شتێك بۆ مانەوەی دەسەولاتی دواکەوتووی ئاخوندی لەسەر سەرکووت و کوشتنی خەڵك هاوڕان و ئەو باسانەی سەبارەت بە چاکسازی و ڕێفۆرم دیهێنە گۆڕێ تەنیا بۆ سەرقاڵ کردنی خەڵك و لەلاییکی تر بۆ وەچنگ خستنی پۆستە حکوومەتیەکانە. لەڕاستی دا شەری دەسەڵاتی باڵەکانی ڕژیم لەژێرناوی ڕێفۆرمیست و ئوسولگەرا بۆ ئازادی و ڕێفۆرم و چاکسازی لەناو دەسەڵاتی دژە خەڵکی ئاخوندی نییە، بەڵکو شەرە بۆ وەرگرتنی پلەی گرینگ و بە تاڵان بردنی داهاتەکانی خەڵکی ئێران و هەوڵ دان بۆ مانەوەی دەسەڵاتی نامەشروعی ئاخوندی.

خەڵکی ئێران و کوردستان بە زانینی ئەو ڕاستیانە و لەقاو دانی سیمای ڕاستەقینەی ڕێفۆرمیستەکان لە هەڵبژاردنەکانی شانۆیی و ناعادیلانە کە تەنانەت بۆ جینایتکاران و پاسدارانی ڕژیم ئازادانە نییە. بەشداری ناکەن و بە بەشداری نەکردن لەهەڵبژاردنەکان تەواویەتی دەسەڵاتی ئاخوندی بە گاڵتە دەگرن و ئەو نیزامە بە نائینسانی و ستەمگەر و دژەئازادی و نامەشروع دەناسێنن.

***

# بارودۆخی ڕاگەیاندن لەئێران خراپتر بووە

ڕێکخراوی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنور ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕێبەندان، لەڕاپۆرتی ساڵیانەی خۆی بارودۆخی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی لە ئێران ، بە خراپتر لەساڵی ڕابردوو زانی.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەو ناوەندە چاودێرەی ئازادی ڕاگەیاندن کە بنکەی سەرەکیەکەی لە پاریسە، بارودۆخی ڕاگەیاندن لەئێران لەساڵی ڕابردوو خراپتر بووە و هەڵسووکەوتی ئەمنیەتی لەگەڵ ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنووسان هەروا درێژەی هەیە. ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنور باس لەو دەکات کە ساڵی ڕابردووی زایینی بارودۆخی ڕۆژنامەوانان و هەواڵنێران لە جیهان بارودۆخێکی نەشیاو بووە. هەروەها لەو ڕاپۆرتە دا هاتووە کە بارودۆخی ئازادی بەیان لە ئێران لەچاو ساڵەکانی ڕابردوو خراپتر بووە.

ڕەزا موعینی، بەرپرسی بەشی ئێران لەڕێکخراوی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنور لە ووتوویژ لەگەڵ ڕادیو فەردا گوتوویە: بارودۆخی ئازادی بەیان لە ئێران لەساڵی ڕابردوو لەچاو ڕێژەی دیاری کراوی سەرکووت لەساڵەکانی ڕابردووش خراپتر بووە. نابروا زیادی

کرد: لە ساڵی ڕابردوو ڕوژنامەوانێکی مەحکووم بە ئیعدام لە ئێران هەبووە. ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەی کەوتوونەتە ژێر چاودێری و هەروەها گرتنی ڕۆژنامەوانان بەرەوسەر چووە. زیاتر لە ٥٠ کەس لەڕۆژنامەوانانی ئێران، بانگ کراون و خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوە. ئاغای موعینی دەڵێ، ئەو سەرژمێریانە، بە ڕەسمی ڕاگەیەندراون. ژمارەیێکی تر کە لەبەر قازانجی خۆیان یان هەر هۆیێکی دیکە نەیانویستووە گرتنیان ڕاگەیێندرێ.

لەڕاپۆرتی ساڵانەی سازمانی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنووردا هاتووە، ڕێبەرانی ڕژیمی ئێران بڵاوکراوە سەربەخۆکان بە وەرگرتنی یارمەتی ماڵی لە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوروووپا تاوانبار دەکەن. ئاکامی ئەو تۆمەتانەش کەوتنە ناو زیندانی ڕۆژنامەوانانە.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە لەساڵی زایینی لە تاران و کوردستان دەیان ڕۆژنامەوان گیراون و ژمارەیێك بڵاوکراوە و گۆڤار ڕاگیراون. ڕەزا موعینی لەبارەی ئەو تۆمەتانەی کە دەخرێتە پاڵ ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆ، دەڵێ: لەگەڵ بەرەوسەر چوونی ناکۆکی جیناحی لە ناو دەسەڵاتدارانی ڕژیم بەردەوام بەو شێوەیە بووە کە پڕیشکەی ئەو جەنگی دەسەڵاتە زیانی بەر ڕۆژنامەنووسانیش گەیاندووە. لە لای بەرپرسانی ڕژێم ڕۆژنامەوان کاتێك نەتوانێ ڕەخنە بگرێ و هەموو ووتەکانی لێپرسراوانی ڕژیم پەسەند بکات، ئازادیخواز و سەربەخۆیە.

بە ووتەی بەرپرسی بەشی ئێران لە ڕێکخراوی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنور ئەو فشارانە بۆسەر ڕۆژنامەوانە سەربەخۆکان دەبێتە هۆی ئەو کە ڕادەی ڕۆژنامە سەربەخۆکان و ڕەخنەگر کەم بێتەوە و لەهێندێك حاڵەتدا هەر بوونی نەبێ. ناوبراو هەروەها دەڵێ: لەساڵی ڕابردووی زایینی زیاتر لە ١٥ بڵاوکراوە بە شێوەی ڕەسمی ڕاگیراون کە نزیکەی ١٤ دانەیان لەلایەن شاندی چاودێر بەسەر ڕاگەیاندن ڕاگیراون و زیاد دەکات: تا ئەو جێیەی کە ڕێکخراوی ڕاپۆرتدەرانی بی سنوور زانیاری هەیە ئەوەی کە وەك ڕۆژنامەی سەربەخۆ و ئازاد لە جیهان ناو دەبەن، ئێمە لە ئێران نیمانە.

***